# لەدیدی خویندکارانی رانیەوە؛
# روەو کردنەوەی ناوەندیکی بالای خویندنی ئەکادیمی لە دەروازەی راپەریندا

ریپۆرتاژ: محەمەد بابۆلی

سالانە چەندین خویندکاری سنوری بیتوین‌و پشدەر بۆ تەواو کردنی خویندن‌و بەدەستهینانی خویندنی بالا روو لەزانکۆکانی کوردستان دەکەن، ئەم ناوەندە ئەکادیمیانەش خۆشبەختانە چەندین کادیری بەتوانای بۆ ئەم ناوچانەو ناوچەکانی تری کوردستان پیگەیاندووە، دەکریٚ لەم کاتەدا زۆرترین سوودیان لیوەربگیریت، ئەوەی مەبەستمانە لەم ریپۆرتاژەدا بیخەینە روو کردنەوەی ناوەندیکی ئەکادیمی زانکۆیە لەشاری رانیە، بۆ ئەم مەبەستە بەشیکی خویندکارانی ئەم شارە کە ئیستا لەزانکۆی سلیمانی دەخویینن بەم پرسیارە هینایە دواندن:—

* تۆ وەك خویندکاریك چ ناوەندیکی ئەکادیمی‌و زانستی لە شاری رانیە بە پیویست دەزانی؟

**ئاریان ئومید عارف**

**بەشی راگەیاندن**

گرنگی کردنەوەی زانکۆیەك لە سنوری شاری رانیە هیندەی ئەوەیە کە سەربەخۆیی‌و راپەرینی سەرتاسەری کوردستان لەو شارەوە سەریهەلداو هاتە جۆش، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەزرش‌و ئاستی بەرزی ئەو شارە لیکدەداتەوەو جگە لەوەش، رانیە چەندین گەنجی بەتواناو چالاکی تیدایە وەك چۆن مامۆستاو خویندکاری بەرزو شارەزای تیدایە کە پیویستە لەپیناو پرۆژەی کردنەوەی زانکۆیەکدا تواناکانیان بخریتە گەر بۆ سەرخستنی ئەو پرۆژەیە.

راستە ئیستا لەم شارە قارەمانەدا پەیمانگای هونەرە جوانەکان‌و پەیمانگای مامۆستایان‌و خویندنگەی ئامادەیی‌و پیشەیی...هتد هەیە، بەلام شاریکەو ئەندامیکی ماوە تا بەتەواوی ببیتە شار وەك چۆن مرۆڤ دەبیت هەموو ئەندامەکانی ساغ‌و تەندروست بیت، دەبیت شاری رانیەش تەکمیلە بکریت بە کردنەوەی زانکۆیەك.

**دارا عومەر**

**کۆلیژی هونەر**

لەو هەل‌و مەرجەی ئیستادا کە عیراق بەگشتی ئازاد بوەو کورد داوای فیدرالی دەکات‌و چەند سالیك بەسەر راپەریندا تیپەر بووە وا ئەمسالیش یادی (١٣)هەمین سالیادی دەکاتەوە، لەماوەی ئەو (١٣) سالەدا تا ئیستا چەند ناوەندیکی ئەکادیمی لەو شارەدا کراوەتەوە کە خزمەتیکی زۆر گەورەی بەو شارەو دەوروبەری کردووە کە چەند کادیریکی مام ناوەندی بۆ شارەکەو شارو شارۆچکەکانی کوردستان پیگەیاندووە، بەلام ئیستا ئەم شارە رووی لە فراوانی کردووەو پیویستی زیاتری بە مەلبەندی ئەکادیمی بالاتر هەیە بۆ خزمەتی خویندکاران، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەخویندکارانی شاری رانیەو دەوروبەری لە زانکۆکانی کوردستان دەخوینن، لیرەدا من بەپیویستی دەزانم کە چەند کۆلیژیك لەم شارەدا بکریتەوە بۆ ئەوەی ببیتە هۆی خزمەتکردنی زیاتری خویندکاران لەبواری زانستی‌دا کە ئەم شارە پیویستی زۆری بەو مەلبەندە ئەکادیمیە هەیە کە ئەوەش خویندنی بالایە، لەگەل ئەوەشدا کە ئەم شارە چەند خویندکاریکی پیگەیشتووی هەیە کە ئەوانیش ماستەریان هەیە کە دەتوانن لەو مەلبەندە ئەکادیمیەدا خزمەت بەخویندکاران بکەن، بۆ نمونە لەبواری پزیشکی‌دا.

**شیرین خالید محەمەد**

**کۆلیژی کارگیری‌و ئابووری**

دیارە بەهۆی بارودۆخی نالەباری کوردستان لەچەند سالی پیش راپەرین‌و سەردەمی رژیمی بەعسدا، ئەو هەرگیز نەیویستوە ئەوەی خزمەت بە کوردستان‌و گەلەکەی دەکات بە ئەنجامی بگەیەنیٚ، بواری پەروەردەو فیرکردن‌و خویندنی ئەکادیمیش یەکیکە لەو بوارە گرنگانە کە هەمیشە تاکی کوردی لی مەحروم‌و بیبەشکراوە.

بۆیە دوای راپەرین‌و دروستبوونی حکومەتی هەریم دەروازەیەکی باش لەو روەوە کرایەوەو چەندین پەیمانگاو کۆلیژی نویٚ کرانەوەو زانکۆی سلیمانی جاریکی دیکە دامەزرینرایەوەو زانکۆی کۆیەش کرایەوە..

شارەکەی ئیمەش (رانیە) لەو دامەزراوە زانستیانە بیبەشنەبوو هەردوو پەیمانگای مەلبەندی مامۆستایان‌و پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لیکرایەوە، بەلام بەبروای من لە ئیستاداو لە دوای پرۆسەی ئازادی عیراق‌و لەسەردەمی پیشکەوتنە بەرچاوەکانی زانست‌و تەکنەلۆژیادا زەرورەتی کردنەوە زانکۆ لە شاری رانیەشدا دیتە کایەوە بەتایبەت کە لەئیستادا ژمارەی دانیشتوان لەو شارو ناوچەیەدا بەردەوام لە زیاد بووندایەو خویندکاریکی زۆری ئەو شارە لە زانکۆکانی هەریم‌و تەنانەت لە زانکۆکانی باشوورو ناوەراستیشدا هەیە، بۆیە کردنەوەی زانکۆ لە رانیە ئەگەر لەهەنگاوی یەکەمدا کۆلیژیك یان چەند کۆلیژیکیش بکریتەوە هەر باشە، لە سەرەتاشدا بە حوکمی ئەوەی ناوچەکەمان کشتوکالیە کۆلیژی کشتوکال زۆر زەرورە.

**نەژاد عەلی**

**کۆلیژی هونەر**

ئەگەر سەیریکی سنوورو سروشتی جوگرافی دەڤەری راپەرین بکەین، دەبینین کە ئەم ناوچەیە پیکهاتووە لەخاکیکی بەپیت‌و فەر بۆ کشتوکال، هەر ئەمەش وای کردووە کەبەشیکی زۆری دانیشتوانی لەگەل کشتوکالدا خەریك بن، لەبەر ئەوە کردنەوەی کۆلیژیکی کشتوکالی لەشاری رانیە کە مەرکەزی ئەم دەڤەرەیە؛ بەدروست دەزانم، بۆ زیاتر بەرەو پیش بردنی ئەم سامانە نەتەوەییە کە دلنیام هەمووان تییدا سوودمەند دەبین.

ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە بەمەبەستی بەرەو پیش بردنی بواری هونەری لەناوچەکەدا، داوا لەسەرجەم بەرپرسە خەمخۆرەکان دەکەم کە هەول‌و گرنگیەکی شیاو